اساسی سعادت

تألیفی عالمی فاضل جنابی

ملا عبد الكريم

مدرسی خانقای بیاره

چاپی دووەم

لەلایەن سلمان اعظمي كتيب فروش
دانیشتوی بەغدا لە چاپ دراوە

١٣٦٨ هـ – ١٩٤٨ م

بەغدا : چاپخانەی سلمان الاعظمی

(كتيبي أساسي سعادت)

بسم الله الرحمن الرحيم

له پاش حمدوثنای ذاتی خوا وه تقدیمی صلاة وسلام بو روحی حضرتی محمد (ص) وه بو روحی هەمو آل وأصحابی بزانن: ئەمەدفتریکە ناوی (اساسی سعادته) چەند سؤال وجوابیکی دینیەی تیدا نوسراوه بو شارەزایی مندالانی اسلامی کورد زبان . رجائه کەم خوای تعالی بیان کا به اساسی سعادت واقبال —(الاسلام أن تشهد أن لا إله إلاالله وأن محمداً رسول الله وتقيم الصلوة وتؤتي الزكاة وتصوم رمضان وتحج البيت ان استطعت اليه سبيلا) ئەم حدیثەمقدسە هەموأرکانی اسلامی تیدایه . با لەسەرترتیبی ئەم کلامە زەریفە بروین بەریدا —

س ١ ـ بناغەی اسلامیت لە سەرچەندچشته ؟

ج ـ بناغەی اسلامیت لە سەر پینج چشته ،اول دو کلمەی شهادت، دوهەم پینج فرضەی نویژ لە هەمو شەو و روژیکا،سەهەم روژوی مانگی رمضان لە هەمو سالیك دا،چوارەم عطا کردنی زکات وسرفطره بەمستحقان، پینجەم حج وعمره، یانی طواقی بیت الله لە مکەی مکرمەوه بەوآدابه شرع بیانی کردوه .

١ ـ أشهد أن لا إله إلا الله وان محمداً رسول الله .

س ٢ ـ معنای دو کلمەی شهادت چییه ؟

ج ـ معنای کلمەی أول ئەمەیه بەدل باوەررم هەیه وه به زبان اقرار

ئه کەم هیچ ذاتی نیەعبادتی بو بکری بەحق الائەوذاتەنەبی کەناوی (الله) یە، معنای کلمەی آخر ئەمەیە بەدل باوەررم هەیە وە بەزبان اقرارئەکەم بەمە کە حضرتی محمد (ص) پیغەمبەری خوایە وەخوای تعالی رەوانەی کردوە بە پیغەمبەری بو سەر انسان وجن وملائکە .

س ٣ – نسبی پیغە مبەر (ص) کامە ؟

ج – پیغەمبەر (ص) کورری عبدالله یە، عبدالله کورری عبدالمطلبە عبد المطلب کورری هاشمە، هاشم کورری عبد المنافە. دایکی ناوی آمینەیە آمینە کچی وهبە، وهب کورری عبدالمنافە، عبدالمناف کورری قصی یە، قصی کورری کلابە لە ملتی عرب وە لەطائفەی قریشن .

س ٤ – پیغەمبەر (ص) لە کوێ لەدایك بووە وە لە کوی بوە بە پیغەمبەر وە لە کوی متوفی بووە ؟

ج – پیغە مبەر (ص) لە شاری مکە لە دایك بووە هەر لە شاری مکە لە عمری چل سالی دا بووە بە پیغەمبەر لە پاش چل سالە دوازدەسال لەمکەدا ماوەتەوە ئەمەپەنجا و دوسال لە ووەختەوەتشریفی رویشتووە بو شاری (مدینەی) منورە یازدە سالیش لە مدینە بووە ئەمە شەستو سە سال، لەوعمرە دا لە مدینەمتوفی بووە . مرقدی مبارکی لەشاری مدینەی منورەیە .

س ٥ – هیئتی پیغە مبەر (ص)چون بووە ؟

ج – هیئتی زور جوان و شیرین بووەشمایلی ذاتی مبارکی قسمیکی عادتی بووە قسمیکی غیرەعادەتی. اما ئەوقسمەی کە عادەتی بووە ئەمەیە : سەری مبارەکی گەورە بووە ، موی رەش بووە هەندی جار گەیشتووەتە سەرشانی وە بعضی جار لەوە کەمتر بووە تاشیویەتی ، تەویلی پان

بووە ئەبروی دریژوباریكو پر مو بوون،چاوانی گەورەورەش بوون برژانگیان زور بووە لەسپیائی چاوان یاخالیکی سور بووە، اغلب تماشای زەوی کردوە ، روی مبارەکی گرد بووە رەنگی سوروسپی بوە ، ریشی پر بووە ، موی سپی لە بیست مو کم تر بووە ، زبانی فصیح بووە، دەنگی خوش بووە ، پیکەنینی تبسم بووە ، هەرگز قهقهەی نەبووە، لەوەختی شەونویژ وقرآن خویندنا گریانی بووە .

وأما شمایلی غیرە عادەتی ئەمە بوە :

ئەگەرچی ذاتاً بالای معتدل بووە لەگەل هەرکەسی راوەستابی بالای لەو کەسە بەرزتر بووە، لە هەتاوا سیبەری نەبووە،مخلوقی لەپشتی سەرەوە بینیوە ،تفی شفای زام بووە،چوار دفعە حضرتی جبرئیل علیه السلام قلبی مبارەکی لەت کردوەو شوری ویەتەوە وپری کردوەلەنوری معرفت: لە عمری سەسالیدا ، لە عمری دەسالیدا ، لە عمری چل سالیدا ، لە عمری پەنجاویەکدا . لە ناوشانیدا بەلای چەپەوە موری نبوت بووە بە قدری هیلکە کوتری ، علمای اسرار فرمویانەلی نوسراە (تنجنج هیصور) یعنی روبکە لە خوا بەراستی توذاتیکی نصرت دراوی . لە راوەستانا هەر دوبەری دەستی گەیشتونەتە ئەژنوی ، ژیری پی ی ساف بوون، بینی بەدەنی مبارەکی ئەوەندە خوش بووە لە هەر مجلسیکا دانیشتبی ئەو مجلسەی معطر کردوە .

٢ ـ (وتقیم الصلوة)

س ٦ ـ پینج فرضە لە چە وەختیکا واجب کراون ؟

ج ـ واجب کراون لەشەوی معراجی بیست و حەوتەی مانگی رجب دا سالیك و شەش مانگ لە پیش هجرتی حضرت (ص) لە مکەوە بو مدینە .

س ٧ ـ ئەم فرضانە ناویان چی‌یە ؟

ج ـ ناویان ، صبح ، نیوەررو ، عصر ، مغرب ، عشایە .

س ٨ ـ ئەم فرضانە یکی چەند رکاتن ؟

ج ـ صبح دو رکات ، نیوەررو چوار، عصر چوار ، مغرب سە ، عشاء چوار .

س ٩ ـ شرطی واجب بونی نویژ چییە ؟

ج ـ شرطي‌واجب بونی‌سە شتە،اسلام ، بلوغ ،عقل. کەوابی‌نویژ وهکذا باقی احکام لە سەر کافر ومندال وشیت‌واجب نین .

س ١٠ـشروطی نویژ چەندیکن ؟

ج ـ شروطی نویژ پینجن،اول پاکی بدن‌ولباس وجیگە نویژەلە هەر پیسیەگن کەعفوی لی‌نەدرابی دوهم‌داپوشینی عورتە کە بوپیاوما بینی اژنوو ناوکە ، بوژن هموبدنە الادموچاوو دستی‌نەبی کەلە نویژا عورت نین ئەمالەغیری نویژ هموگیانی عورتە لازمە درنەکەوی‌ودای پوشی بوئەوە گونهبار نەبی سەهم دست‌نویژی ببیو جنابتولش گرانی بەسرەوە نەبی چوارم هاتنی وقتي نویژە کەیە پینجم روکردنە لەقبلە.
(س)فرض دست نویژ چەندە؟(ج) فرضی دست نویژ ششە اول نیتی لابردنی‌بی‌دەست نویژیە لە وقتی شورینی دموچاوا دوهم ،شورینی هموو دموچاوە بەپانی مابینی هەر دو گویچکەیەوە بە دریژی مابینی موی سەر وانتهای چنا گەیە ، سەهم‌شورینی هەر دو دەستە لە سەر پەنجەوە تائەو پەرری ئەنشک ، چوارەم مسحی بعضیکە لەسەر ، پینجەم شورینی‌هەر دوپی‌یەبە هەر دوقولەپی‌وە ، شەشەم رعایتی ئەم ترتیبەیە.

س ١١ ـ شروطی غسل چەندیکن ؟

ج ـ شروطی غسل دوانن . اول نیتي‌لابردنی حکمی لەش‌پیسی‌یە لە اول شورینی اعضاوە، دوم‌شورینی هەمو اعضایەچەپیست وچەمو

س ١٢ ـ ئەو شتانە دەس‌نویژ ئەشكینن چەندن ؟

ج ـ ئەوشتانەی دەس‌نویژ ئەشكینن چوارن، اول دەرهاتنی شتیكە لە پیش یا لە پاش ، دوهم نوستنە بەم شرطە ژیری خوی لەزەوی محكم نە كردبي ، سەهم ئەمەیە دەس بـدا لە عورتی خوی یا عورتی كەسیك بە بەری دەست،چوارەم ئەمەیە پیستی ژن‌و پیاوی نامحرم بەیك بگەن .

س ١٣ ـ وەختی ئەم پینج فرضانە كامەیە ؟

ج ـ وەختی‌صبح لەروژەوە بون‌تاخور ئەكەوی،وەختی‌نیوەررو لە اولی لا دانی روژەلە ناوەراستی‌آسمان‌هەتا سیبەری هەرچشتی‌بەقدری ئەو چشتەی لی بی بیجگە لە سیبەری وەختی استواء ، وەختی عصر لەم وەختەوەیە تاخورآوا ئەبی، وەختی‌مغرب لەخورآوا بونەوەتاسوری قەراغی‌آسمان گوم ئەبی،وەختی‌عشا لەم‌وەختەوەیە تاطلوعی فجرەیانی روژەوەبون.

س ١٤ ـ اركانی نویژ چەندن ؟

ج ـ اركانی نویژ چواردەن :اول نیتە یانی‌قصدی كردنی‌فرضی‌ئەو وەختە بەدل ، دووم الله اكبر بەم شرطەلە گەر وتنی‌ئەم‌لفظەنیتەكەی لە دل‌دابی ، سەهم‌خویندنی فاتحەیە لە هەمو ركاتیك‌دا الاركاتی‌كەسی‌نەبی كەامام لی‌پیش كەوتبي، چوارەم راوەستانەبو كەسی‌قدرتی‌ببی لە وەختی خویندنی فاتحەدا، پینجم ركوعە یعنی دانەوینەوە ئەوندە انسان‌هەر دو بەری دەستی بگاتە ئە ژنوی ، شەشەم اعتدالە یعنی بەرزبونەوە لەم حالە بو وضعی راوەستان،حەوتەم‌سجدەی‌اولەبەم نوعە هەر دو ئەژنوی‌وە هەر دو بەری دەستی وەهەر دوسنگی‌پی‌وەتەویلی بەروتی‌لەسەرجیگە نویژەكەی دانی، هەشتەم دانیشتنە لە پاش ئەم‌سجدەیە، نوهەم سجدەی دوەهەمە وەكو سجدەی اول ، دەهەم قرار گرتنەلە ركوع واعتدال‌و

هەر دو سجدە کان و دانیشتنی مابینیان، یازدەهم تحیاتی آخر ، دوازدەهم صلاواتە لە سەر حضرت (ص) لە پاش تحیاتی آخر ، سیزدەهم سلام دانەوەی اولە، چواردەهم ملاحظەی ئەم ترتیبە یە کە بیان مان کرد، مثلاالله اکبر لە پیش خویندنی فاتحە، وە فاتحە بەر لە رکوع.

۳ - (وتؤتی الزکاة)

س ١٥ - زکاة چەند نوعە ؟

ج - زکاة دو نوعە ، اول زکاتی سەرە کە مشهورە بەسەر فطرە ؛ دوەم زکاتی مال .

س ١٦ - سەر فطرە چە وەختی واجب کراوە ؟

ج - فرض کراوە لە مانگی شعبان لە سالی دوهەمی هجرتدا .

س ١٧ - سەر فطرە بەچی واجب ئەبی ؟

ج - واجب ئەبی بە تەواوبونی مانگی رمضان لەهەموسالیکدا .

س ١٨ - سەر فطرە لە سەر کی واجبە ؟

ج - واجبە لە سەر هەمو انسانیکی حر، کە زیادٌ لە نفقەی شەوروژی جەژنی هەبی ، عطا کردنی سەرفطرەی سەری خوبو هەرکەس نفقەی لە سەری واجب بی، وە کوژن و مندالی، یاخزمەتکاری کە اجرەی بوقرار نەدرابی

س ١٩ - مقداری سەرفطرە بو هەریکی چەندیکە ؟

ج - مقداری سەر فطرە بو هەر کەسیك صاعیکە بە صاعی حضرتی پیغەمبەر (ص). لەهەرجیگەی عیارەی ئەوصاعە دەس کەوت باشە والا بەحسابی کیشانەسەرفطرە ئەدری. وزنی ئەوصاعەچوار سەد وهەشتاو چوار مثقالە .

س - ٢٠ - زکاتی مال چەوەختی فرض کراوە ؟

ج - زکاتی مال فرض کراوە لەسالی دوهەمی هجرتدا لەپاش فرض

بونی سەر فطرە .

س ٢١ ـ زکات لە چە مالیكدا واجبە ؟

ج ـ زکاة واجبە لە آلتون ، زیو ، مالی تجارت، حوشتر، گا ، مەرر، بزن وە هەر چشتی بوقوت بشیوە کو برنج ، گەنم، جو، زررات، خورما ، میوژ .

س ٢٢ ـ شرطی زکاتی آلتون وزیو چییە ؟

ج ـ شرطی زکاتیان دوشتە اول ئەمەیە بگەنە حدی زکاة، دوەم ئەمەیە لە ملکی خاوەنیانا سال تەواو بکەن .

س ٢٣ـ حدی زکات ومقداری واجب لە آلتون وزیو داچییە؟

ج ـ حدی زکاتی آلتون بیست مثقالەوە حدی زکاتی زیو سەدوچل مثقالە ، کە گەیشتنە ئەو ئەندازە مقداری واجبیان (ربع العشرە) یانی چواریك لە دەیك کە حاصلە کەی چل بکە ، مثلا لە بیست مثقال آلتون نیو مثقال وە لە سەدوچل مثقال زیو سە مثقال و نیو واجبە .

س ٢٤ ـ زکاتی مالی تجارة چونە ؟

ج ـ مالی تجارت وەکو آلتون وزیو واجبە سالی بەسەردا بسوررێتەوە وە بە هەر پارەی کرراوە بە اعتباري ئەو پارەیە بگاتە حدی زکات ئینجا بەوحسابە زکاتی لی ئەدري .

س ٢٥ ـ شرطی زکات لە مەرر و بزن داچییە ؟

ج ـ زکات لە مەررو بزن داواجبە بەسە شرط، اول ئەمەیە کە بەدەمی خویان بلەوەررین آلف یان نەدریتی، دوەم ئەمەیە عددیان بگات بە حدی زکات ، سەهەم ئەمەیە لەملکي صاحبە کەیاندا سالیان بەسەردابیتەوە . لە پلە وحدی اول داکە چل سرە ئەمالە پلەی دوهمدا هکذا چوار صد وزیاتر لازم تا کاسالیان بەسرابی تەوە . مثلا لە اولی بهاردا کە زورتر زهی تەواوبو بە کارژولەو برخولەودایکانە وباوکانەوە تیك را گیشتن بە حدی صدو بیستویك کوتوپر دوسری گەورە لازمە

بدري بەزکاتیانا ، مەرروبرخ دورست نیە ، لازم نا کابرخوکارنەفوتی سالیان بەسرابیتەوە .

س ٢٦ ـ حدی زکاتی مە رړو بزن کـامەیە ؟

ج ـ حدی زکـاتیان چل سەرە کە گە یشتن بەچل سەر ، یە کێ سەر واجبە تاسە دو بیست ویە کێ سەر کە گەیشتن بە سەدو بیست ویەکێ سەر دو سەرواجبە تادوسەد ویك سەر کە گەیشتن بە دو سەدو یك سەرسە سەر واجبەهەتا چوارسەدسەر کە گەیشتن بەچوار سـەد سەر چوارسەرواجبە کە لەم عددەزیاد بو بەم حسابە لە هەمو سەد سەریکا سەری واجبە

س ٢٧ ـ شرطی زکاة لە قوتا چییە ؟

ج ـ شرطی ئەوەیە بگاتە حدی زکات بەم نوعە ئەوقوتانە کەبی توکل هەل ئەگیرین وەکوبرنج گەنم بکەن بە پینج وسق بە حسابی مثقال‌ووزن ، بەوزنی تەبریز دو سەدو بیست‌وپینج تەبریزیە، بەمەنی حلبجە کە مسکنی خومانەدوتەغارو بیست مەنە وە ئەوانەی لە توکل‌داهەل ئەگیرین‌وەکوچەلتوك وپەررشە بگەن بە دە وسق .

س ٢٨ ـ مقداری واجب لە قوتا چەندیکە ؟

ج ـ واجب لە وانەدا بە باران یا بە جوگە آو بدرین (عشرە) یانی دە یك ، وە لە وانەبەدولچە آو بدری نصف العشرة یانی بیست یك .

س ٢٩ ـ ئەوصنفانە مستحق زکاتن چەندن ؟

ج ـ أو صنفانە هە شت صنفن لە قرآ نی شریف دا بیان کراوون.

س ٣٠ ـ لەوهەشت صنفانە لە زەمانی ایمەداچەند صنف هەیە ؟

ج ـ موجودیان چوار صنفە ، اول فقیر یانی کەسی نە مالی‌بی‌نە کسب بزانی ، صنفی دوهم مسکینە یانی کە سی مال وکسبی بي اما کفایتی نفقەی شرعیەی نە کا ، سەهم قرضارە لـکن ئەگەر بو نفقەی خویو عائلەی قرضار بوبی وە ختی زکاتی ئەدریتی خوی نە توانی قرضەکەی بداتەوەوە ئەگەر بوجی بەجي کردنی احتیاجی مسلمانان وەکو مهمان داری یا اصلاحی دوطائفەی‌دوشمن‌قرضاربوبی‌ئەوەزکاتي‌ئەدریتی‌باخویشي‌دەولەمەند

بی ، صنفی چوارەم مسافرە ، کەسی لە سفریکی حلال‌دابی وەکو سفری تحصیلی علم یاصلەی رحم وە خوی مالی نەبی خەرجی بکات یا مالی ببیو دەستی پی‌نەگـا ئەوە زکاتی ئەدریتی .

س ٣١ ـ لە وەختي زکات دانا چي واجبە لە سەر خاوەن مال ؟

ج ـ واجبەلەســـەرخاوەن‌مال نیتی عطاکردنی زکاة وەختی کازتەکە لە مالەکەی جیا ئەکاتەوە یالەووەختا تسلیمی مستحق ئەکا . وەنیتی وکیل کفایت ئەکا لە جیاتی نیتی خاوەن مال .

٤ ـ (وتصوم رمضان)

س٣٢ ـ روژوچە وەختی واجب کراوە ؟

ج ـ واجب کراوە لە مانگی شعبان لە سالي دوهەمی هجرتـدا .

س ٣٣ ـ روژو بە چي واجب ئەبی ؟

ج ـ واجب ئەبی بە تەواوبونی « ٣٠ » روژەی شعبان یاچاو پیکەوتني هلالی رمضان .

س ٣٤ ـ فرضی روژو چیە !

ج ـ فرضی روژنیتە لە هەمو شەویکدا . بەم نوعە هەموشەویکی رمضان قصدی روژوی فرضي صبحەینی رمضاني ئەوسالەی ببی .

س ٣٥ ـ بەچی روژو ئەشکي ؟

ج ـ روژو ئەشکی بە جماع ، بە استمنا ، بە خورشانەوە ، بە داخل بونی شتی بو جوفي‌نی بو ناوسکی یا ناوی گویچکەی یا ناوي ذکری . مثلا بەم شرطە ئەوکەسەروژوە کەی لە فکردابی وە بە اختیار ئەمانە بکات .

(د) (وتحج البیت ان استطعت الیه سبیلا)

س ٣٦ ـ حج وعمرە چە وەختی واجب بوون ؟

ج ـ واجب کراوون لەسالی شەشەی هجرت دا .

س ۳۷ ــ حج وعمره چەند دفعه واجبن له عومردا ؟

ج ــ يك دفعه واجبن له عومردا له سەر کلي فردي له مسلماني مكلف

س ۳۸ ــ شرطي واجب بوني حج وعمره چییه ؟

ج ــ شرطي واجب بوني چوارشته ، بلوغ ، حريت ، قدرت : بەم نوعه مقتدر بی بەسەر مصرفي خویوعائلەی تا لەوسفره دیتەوه بومەنزلي خوی وه امین بوني نفس ومال .

س ۳۹ ــ ارکاني حج چەندیکن ؟

ج ــ ارکاني حج شەشن اول احرامه یاني قصدی داخل بون لەعملي حجدا لەوموقعانەوه معلوم کراوون ، دوەم وقوفي عرفەیه یاني مانەوەله ارزی عرفاتداله نیوەروی روژی نوهەمی ذيالحجەوه تا طلوعي فجری روژی جەژن بایك لحظەیش بي لەومدەدا ، سەهم طوافی مالی خوایه یانی دەوره دان بە دەوری مالالله‌دا حەوت دفعه ، چوارم سعیه یاني راکردن له بيني صفاو مروەدا ، پینجم حلقه یا تقصیر یانی تاشيني مویسەریا کورتەوه کردني به مقص مثلا ، شەشەم ترتیبه بەم نوعه بیانمان کرد .

س ٤٠ ــ ارکانی عمره چەندیکن ؟

ج ــ هەرچی ارکاني حجه ارکاني عمرەیشه الا وقوفی عرفات نەبي ئەوەبو عمره لازم نیه . ئەمەی کە بیانمان کرد ارکاني اسلام بون لازمه له سەر هەمومسلماني بیانزاني وەعمل یان پي بکا وه تعلیمي بکا به مندالی خوي .

مادام ارکاني اسلامت زاني با ارکاني ایمانیش بیان بکەین : حضرت (ص) فەرمویەتي (الایمان ان تؤمن بالله وملئکته وکتبه ورسله وباليوم

الاخر وبالقدر خیره وشره من الله تعالی .) با له سەر ترتیبي ئەم حدیثه شریفه ارکاني ایمان بیان بکەین .

س ٤١ — اركانی ایمان چەندیکن ؟

ج — ارکاني ايمان شەشن(١)ايمان بە خواي تعالی (٢) ايمان بەملائكە (٣) ايمان بەو کتیبانە خورەوانەی فەرموون بوپیغەمبەران علیهم الصلواة والسلام (٤) ايمان بەوپيغمبرانە خوارەوانەی فەرموون بو سەر عباد (٥) ايمان بە روژی قیامت (٦) ايمان بە قضاء وقدر .

١ — (الايمان ان تؤمن بالله)

س ٤٢ — ايمان بە خوای تعالی چونە ؟

ج — ايمان بەخوا ئەمەيە بە دل تصديق وباورت بي خوای تعالی موجودە یانی وجودي هەیە ازلیە یعنی اولی نییە ، ابدیە یعنی اخری نییە ، واحدە یعنی تنهایە هەر او خالقە وە هەمو شتی دروست ئەکا هەر ئەر عبادتي بو ئە کری هەر ئەو واجبالوجـــودە ، جسم نیە لە چەند اجزاء تیکەل بي ، جوهر نیە یاني مادەی نیە محتاج بي بە جیگەی ، عرض نیـــە یعنی شتی نیە وە کورەنگ محتاج بي بە محلی ، جهت ومحلی نیە یاني خواي تعالی بریە لەمە کە لە جیگەیكدا وەیالە ژور یا خـوار و یا مقابلی شتیك بی ، غنیە یانی بە هیچ شتی محتاج نیە وە هەمو شتی محتاجە بەو ، لە کەسی بە ولدنەهاتووە وە کەسیا لی بە ولدنەبووە هیچ شتی وەکو خوانیە وەهەر چە بە خیالی ایمەدا بي خوا وانیە . والحاصل خوای تعالی بریە لە هەر چە عیب ونقصانە وە هەرچە صفتی کمال وچاکیە هەیەتي .

س٤٣ — خوای تعالی چەند صفتي هەیە ؟

ج — خواي تعالی حەوت صفتي هەیە حیاة، علم ، ارادة ، قدرة ، کلام ، سمع ، بصر . صاحبی حیاتە یاني زیندوە نامری ، صاحبي علمە یاني هەمو شتی ئەزاني ، صاحبي ارادەیە یاني میلی لەسەربوني هەرشتي بی ئەبی وە

میلی له سەر هەرشتی نەبی نابی ، صاحبي قدرته یاني قدرتي هەیە وە ئەتواني هەر کاري ممکن بي بیکا ، صاحبي کلامە یني صفتیکي ذاتیەی وەهایە کەئەبي بە منشأي نازل کردني وحي بولای اپیغەمبەران (ص) . صاحبي سمعە یاني هەمو دە نـگي ئەبیسي ، صاحبي بصره یاني هەمو شتي ئەبیني ، وە ئەم صفاتاني خوایە وەکو صفاني ایمە نییە ، مثلا حیاتي خوا بە روح وبدن نیه ، علم وارادەی خوا بە دل نیه ، قدرتي خوا بە دەست واعضاء دەر ناکەوێ ، کلامي خوا دەموزباني ناوی ، بیستني خوا بە گویچکە نیەبینیني خوا بە چاو نیه . هەر وەکو ذاتي خوا بە حقیقت ناناسری ئەم صفاتانەش بە حقیقت نەناسراوون .

س ٤٤ — دلیل له سەر وجودی خوا چییە ؟

ج — دلیل له سەر وجودی ذاتي خوا آثارە هەر کەسي تماشای آثاری عالم بکا معلومی ئەبي کە عالم صانعیکي صاحب کمالی هەیە مثلا هەروەکو انسان تماشاي بنائي یا نقشي کی کرد اقرار ئەکا بەمە ئەو بنایە بنائیکي بووە وە ئەو نقشە نقاشي کی هەیە . مادام تماشاي ئەجزای عالم بکاوەکو آسمان و روژو مانـگ و ئەستیرەوترتیبي حرکەوطلوع وغروبیان وە تماشای باوباران و بحرو کیوان ومعادن ونباتات وحیـوانات وانســان واختــلافی رەنـگ وزبان ومشربیان بکا معلومی ئەبي لەم عالمەدا صانعي کي بە کمال هەیە .

س ٤٥ — دلیل له سەر تەنهایي خوا چییە ؟

ج — دلیل لەسەر تەنهابي ذاتي خوا ئەمەیە مادام معلوم بو کەسی هەیە صانعي ئەم عالمەبي هەر صانعي تو تماشاي بکەی ئە گەر بي کمال بي ئەوە بو صانعیت ناشي وەئە گەر لەهەموعیبي بەری ومصاحبي هەمو کمالی بي فقط ئەوە بو صانع کافیە ، ایتر اعتباري صانعیکي ثاني لغوە وە بي فائدەیە ، علاوە لەمە

شركت و تعددي ملاك به حسب عادت منشأى نزاع و جدالە ئەگەر صانعي عالم دو بي اوضاعى به انتظام نابى .

س ٤٦ ـ دليل له سەر ئەم حەوت صفتانە چييە ؟

ج ـ دليل له سەر ئەم صفتانە ئەمەيە ئەگەر ئەم صفتانە بو خوا نەبن ئەبى خلافى ئەمانەى ببى وە خلافى ئەم صفتانە وەكو مردن و عجز و جهل مثلا ئەوندە نقصن ادني بشرى راضى نابى پييان ، كە وابو چون بو ذاتى خوا اعتبار ئەكرين علاوە ئەم ترتيب وانتظامي عجيبە كە لە عالمدا تماشا ئەكرين بەبى علم و قدرت و باقي صفاتى كاليە قابل نيەببن ، كە وابى انسان ناچارە بەمە تصديق و باوەرى بي كە ذاتي خوا صاحبي ئەم حەوت صفتانەيە .

س ٤٧ ـ خوا چەند ناوى هەيە ؟

ج ـ مشهورە وايە خواى تعالي هەزار و يەك ناوى هەيە ، فقط لەم ناوانە نەوەد و نويان لە قرآن وحديث دا موجودن ، لەهەمويان گەورەتر اسمى (الله) يە .

س ٤٨ ـ خواى تعالى بە چاو ئەبينري يانە ؟

ج ـ بەلى لەقيامتدا هەمو مسلماني خواى چاو پى ئەكەوى اما لە دنيادا كەس نەى بينيوە الا حضرتى محمد (ص) ئەوە لە شەوى معراجدا ذاتى خواي چاوپى كەوتووە بە نوعى بو انسان تقرير ناكريت

٢ ـ و (ملئكته)

س ٤٩ ـ ايمان بە ملائكە چونە ؟

ج ـ ايمان بە ملائكە ئەمەيە تصديق و باوەرت ببى ملائكە نوعيكن لە مخلوقي خوا جسميان لطيف و نورانييە ، ئەتوانن خويان ببەنە چەند

صورت‌و ره‌نگه‌وه دائما وان له اطاعه‌ی خوادا لذت والفت‌یان به ذکر و عبادتی خوایه ، معصومن له گوناه ، نه نیرن نه مین ، خوا میلی‌له دروست کردنی هه‌رملئکه بیي به قدرتی خوی بی واسطه‌ی باوك و دایك خلق ئه‌کا وابدا خواردن‌و نوستن‌یان نیه .

س ٥٠ ـــ ملائکه کاروایشیان چیه ؟

ج - ملائکه غالب‌یان فقط عبادت ئه‌که‌ن به‌و طرز ه عباده‌ته خوا امری پی کردوون وه بعضیکیان مأمورن له عالم‌دا له سهر ارض‌و آسمان و باو باران‌و حیوانات‌و انسان‌و باقي موجودات ، وه قسمی مأموری عملی خیرو شرن له دنیادا وه قسمي مأموری سؤالی قبرن . هه‌ر که‌سی مرد مادام خرایه قبره‌وه یا له موقعی خوی دا به‌جی‌ما خوای تعالی زیندوی ئه کاته‌وه وه دو ملائکه روانه ئه‌کا بو لای سـؤالی لی ئه‌کن له خواو پیغه‌مبه‌رو دین‌و مذهب . ئه‌گه‌رباش جواب‌یان بداته وه‌ئه‌وه درجه‌ومقامي‌باش‌ئه‌بی‌وه‌ئه‌گه‌رنه‌زاني جوابیان بداته‌وئه وه‌عذاب ئه‌دری به ئه‌ندازه‌ی گوناهي خوی وه یاخو عفو ئه کری، وه ئه‌م‌عذابی قبره حقه به‌موافقی آیت . وه قسمی مأموری حشر و میزان‌و حساب‌و عذابی له‌قیامت‌دا ، قسمي مأمورن له‌بو عذابی جهنم . ئه‌مانه نوزده که‌سن یا نوزده طائفه رئیسیان ناوی مالکه وه قسمي مأموری به‌هه شتن رئیسی ئه‌مانه ناوی رضوانه.

س ٥١ ـ آیا له بیني ملائکه‌دا تفاوت له‌فضل‌و شرف‌دا هه‌یه ؟

ج ـ به‌لی چوار صنف له ملائکه له باقیه کان‌یان گه‌وره‌ترن، اول صنفی کروبی ، دوم صنفی روحانی ، سه‌هم حمله‌ی عرش یانی ئه‌وانه‌عرش‌یان هه‌ل گرتووه ژماره‌یان له دنیادا چوارن له قیـــامت داهه‌شتن ،

چواره م مقربين . له م صنفه چواريان ناويان معلومه ، اول (جبرائيل) مأموره له سه‌ر هاوردنی وحی له طرف خواوه بو لای پیغه‌مبه‌ران علیهم الصلاة والسلام ، دوهم (میکائیل) مأموری رزق و برکته له دنیادا ، سه‌هم (عزرائیل) مأموری روح کیشانه وه چه‌ند مأموری هه‌یه له ملائکه بو قبضی ارواح ، چوارم (اسرافیل) مأموره به نفخی صور یانی مأموره به فو کردن به صورا .

س ٥٢ — صور چیه ؟

ج ـ صور شاخیکه به عددی ارواحی ئه‌وانه زیندون له دنیادا کونی تیایه . دوجار اسرافیل فوئه‌کا به‌وشاخه‌دا ، جاری اول هه‌رچی گیان له‌به‌ره ئه‌مرن‌وه کیوانی دنیاله گه‌ل ئه‌رزدا صاف ئه‌بن ، پاش ئه‌م دفعه به مده‌ی چل سال ده‌فعه ییکی تر فو ئه‌کاته‌وه به صورا به‌م ده‌فعه هه‌رچی مردوه زیندو ئه‌بنه‌وه وه ئه‌برین بو محشر ؟

س ٥٣ ـ جن چه نوعیکن له مخلوق ؟

ج ـ جن طائفه‌ییکن اسلام له آگر دروست کراون ئه‌توانن خویان ببه‌نه چه‌ند صـــورت‌وه‌نگه‌وه فرق‌یان له گل ملائکه ئه‌مه‌یه ئه‌مان له بدن‌دا کثیف ولطیفیان هه‌یه خواردن ونوستنیان هه‌یه نیرومی‌یان هه‌یه کافر و مســلمان‌یان هه‌یه له مسلمانه‌کانیش بی گوناه و گوناهباریان هه‌یه گوناهباریش‌یان له جهنم‌دا عذاب ئه‌درین وه ئه‌م طائفه له پیش ئه‌وه آدم بکه‌ویته زه‌وی له زه‌وی‌دا بوون وه ایستایش هه‌ن له‌دنیادا ئه‌وان چاویان به‌بنی آدم ئه‌که‌وی‌وه بنی آدم چاویان به‌وان ناکه‌وی به‌لام له قیامت‌دا بالعکس ایمه ئه‌وان ئه‌بینین وه‌ئه‌وان ایمه نابینن

س ٥٤ ـ شیطان له چه طائفه ییکه ؟

ج ـ موافق ظاهری آیتی قرآنی شریف شیطان له طائفه‌ی جنه وه له‌اصل‌دا زور عباده‌تی‌ئه کرد وه زور محترم بوه . به ناو ملائکه‌دا ئه گه‌ررا فقط له وه‌ختی کا خوا حضرتی آده‌می‌دروست کرد امری‌فه‌رمو به‌شیطان سجده‌ی لی ببا شیطان فیزی نوان اطاعه‌ی خوای نه کرد له‌وخصوصه‌وه خوای تعالی له رحمتی خوی بی به‌شی کرد وه لعنتی لی کرد .

س ٥٥ ـ شیاطین کین ؟

ج ـ شیاطین ئه‌وجنی‌یانه‌ن که اطاعه‌ی‌خوای‌تعالی ناکه‌ن وه تابعی شیطانن بو ضرردان له بنی آدم وه وسوسه خستن به دلی مسلمانان ، ئه‌م شیاطینانه بعضی‌کیان له اولادی شیطانن وه بعضی‌کیان له اولادی باقی جنیه کانن .

٣ ـ (وکتبه)

س ٥٦ ـ ایمان به کتب چونه ؟

ج ـ ایمان به کتب ئه‌مه‌یه‌باوه‌ررت‌بی‌ئه‌و کتیبانه نازل کراون بولای پیغه‌مبه‌ران علیهم الصلوة والسلام‌مخصوص له طرفی ذاتی خواوه‌هاتوون وه‌له قبیله‌ی سحر والقای شیاطین‌نین وه به واسطه‌ی حضرتی جبرئیله‌وه نازل بوون به محفوظی له هه‌مو عیبی .

س ٥٧ ـ ئه‌و کتیبانه له طرفی ذاتی خواوه هاتوون چه‌ندیکن ؟

ج ـ ئه‌و کتیبانه سه‌دو چوارن ، ده بوحضرتی آدم ، په‌نجا بو حضرتی شیث (٣٠) بوحضرتی ادریس،ده بو حضرتی ابراهیم .ئه‌وه‌سه‌ده مشهورن به صحف چونکه به ره‌په‌ره‌نازل بوون ، توراة بو حضرتی موسی ، زبور بوحضرتی داود . انجیل بو حضرتی عیسی،قرآن بوحضرتی محمد المصطفی علیهم الصلوة والسلام .

س ٥٨ ـ قرآن له چه‌ند سالا نازل بووه ؟

ج ـ قرآن له مده‌ی بیست وسه سال‌دا به حسب احتیاج نازل بوه . یعنی له‌وه‌ختیکه‌وه حضرت ص) بووه به پیغه‌مبه‌ر تا وه‌ختی که متوفی بوه . دوازده سال له مکه‌ی مکرمه‌وه یازده‌سالیش له‌مدینه‌ی‌منوره‌زادها الله شرفاً (خیر داربن) . ئه‌وسه‌د صحیفه بیانمان کردن فوتاون وه‌توراةو زبور به ساغی نه‌ماونه‌ته‌وه چونکه‌له‌پاش وفاتی حضراتی انبیاء علما کانیان تیك یان دان وه له سه‌ر آره‌زوی بطالی خویان گورری‌یان .

اصلی انجیلی حضرتی عیسی نه‌ماوه وه چه‌ند نفری له پاش رفعـی عیسی به آره‌زوی خویان چه‌ند انجیلیکیان نوسي وه‌له پاش‌مده‌نی‌له‌سه‌ر چوار انجیل یان اتفاق یان کرد وه ئه‌وانیش له بینی خویان دا مخالفن،اما قرآنی شریف له‌و وه‌خته‌وه نازل‌بووه هه‌تاامرو وه کوخوی به‌محفوظی ماوه‌ته‌وه وه تا روژی قیامت ئه‌مینیته‌وه وه حکمی قرآن ناسخی‌حکمی هه‌مو کتیبه کانه وه فقط به‌ته‌نها قرآن معامله دروسته.

٤ ـ (ورسله)

س ٥٩ ـ ایمان به رسل چونه ؟

ج ـ ایمان به رسل ئه‌مه‌یه تصدیق وباوه‌ررت بی که خوای تعالی به محضی لطف وعنایت چه‌ند انسانیکی له بشردا هه‌لبژاردوه وه‌شریعتی پی‌داون وه امری پی کردون به گه‌یاندنی ئه‌و شریعته به عبادی‌خوا .

س ٦٠ ـ پیغه‌مبه‌ر ئه بی چون انسانی بی ؟

ج ـشرطی پیغه‌مبه‌ر ئه‌مه‌یه‌پیاویکی«حربی»یانی آزاو صاحبي صفات‌و اخلاقی حسنه‌ی گه‌وره‌تربی له هه‌مو هاو عصرانی خوی، به‌ری‌بی‌له‌علت ودنائت ، معصوم بی له گوناهي کبیره عمداً یاسهواً وله گوناهي صغیره‌ی

عمدی وه خوای تعالی اظهاری صداقتی پیغەمبەران ئەکا بە معجزه .

س ٦١ ـ معجزه بەچی ئەلین ؟

ج ـ معجزه کاریکه به خلافی عادت خوا آشکرای ئەکا لەسەر دەستی پیغەمبەران بو اظهاری صداقت یان له دعوای رسالتدا ، وەئه و کارانه بەغیری پیغەمبەران ناکرین وەکو گفتوگوی حیوانات و تسبیحاتی بەردو سجده بردنی دار وه شق کردنی مانگ وه خبردان بەکاری غیبی .

س ٦٢ ـ عددی ئەو پیغەمبەرانه شریعتیان گەیاندوه به عباد چەندن ؟

ج ـ عددیان سیسەدو یازدەیه .

س ٦٣ ـ لەم جماعته ناوی چەندیکیان معلومه ؟

ج ـ له قران وحدیث داناوی «٣٠» کسی یان معلومه ، حضرتی آدم ، شیث ، ادریس ، نوح ، هود ، صالح ، ابراهیم ، لوط ، اسمعیل ، اسحق ، یعقوب ، یوسف ، ایوب ، شعیب ، موسی ، هارون ، یوشع ، الیاس ، الیسع ، ذو الکفل ، شمعون ، اشمویل ، یونس ، داود ، سلیمان ، زکریا ، یحیی عزیز ، عیسی ، محمد المصطفی صلوات الله وسلامه علیهم اجمعین . اما خضر ولقمان وذو القرنین ئەوه تحقیق وایه پیغەمبەر نین بەلکوله اولیان .

س ٦٤ ـ رتبەی پیغەمبەران چونه ؟

ج ـ رتبەی پیغەمبەران له غیری پیغه مبەران بەرزتره وەله بینی خویاندا بعضی یان له بعضیکیان گەورەترن . من جمله پیغەمبەرانی اولو العزم یعنی ئەوانەیان صاحبی زحمت وکاری مشقت بوون له گەیاندی شریعت دا وەکو حضرتی نوح وحضرتی ابراهیم وحضرتی موسی وحضرتی عیسی وحضرتی محمد المصطفی علیهم الصلاة والسلام له باقیه کانی تر گەورەترن ،

وه حضرتی محمد المصطفى (ص) له هه‌مو پیغه‌مبه‌ران گه‌وره‌تره به‌چه‌ند دلیل . وه‌له‌به‌ر ضعیفی طبیعتی مندالان له‌و دلیلانه فقط (٥) دلیل بیان ئه‌که ین

س ٦٥ ـ ذلیلی اول له‌و دلیلانه چییه ؟

ج ـ دلیلی اول ئه‌مه‌یه به‌ موافقی دلیلی نقلی تاریخی وشرعی معلوم بووه پیغه مبه‌رانی‌سابق هه‌ریکی فقط بو میله‌تیك ره‌وانه کراون اماحضرتی محمد المصطفى (ص) ره‌وانه کراوه بو سه‌ر هه‌مو ملتی عالم وه‌دعوتی هه‌مو ملت و پادشاهانی دنیای کردوه بو اسلامیت وه آشکرایه پیغه‌مبه‌ری ارشادی هه‌مو ملتی عالم بکا گه‌وره‌تره له‌وه که ته‌نها ارشادي ملتی بکا .

س ٦٦ ـ دلیلی دوه‌م چییه ؟

ج ـ دلیلی دوه‌م ئه مه‌یه شریعت ودینی پیغه‌مبه‌رانی سابق هه‌روه کو بو ملتي بووه فقط بو چه‌ند زه‌مانی بووه وه‌له‌پاش ئه‌و زه‌مانانه نسخ کراونه‌ته‌وه به‌دین وشریعتیکی تازه . اما شریعتی حضرتی محمد (ص) هه‌ر وه کو بو هه‌مو ملتی عالم بووه بو هه‌مو زه‌مانه یکیشه وه‌تاروژی قیامت باقیه .

س ٦٧ ـ دلیلی سه‌هه‌م چییه ؟

ج ـ دلیلی سه‌هه‌م ئه‌مه‌یه شریعتی پیغه‌مبه‌ری ایمه عباده‌تی له باقی شریعته‌کان زورتر تیدا هه‌یه . مثلا ئه‌و پینـج فرضه نویژه له هیـچ شریعتیکی که‌دا ته‌واو گرد نه‌بونه‌ته‌وه .

س ٦٨ ـ دلیلی چوارم چییه ؟

ج ـ دلیلی چوارم ئه‌مه‌یه معجزه‌ی پیغه‌مبه‌رانی‌سابق فقط له‌زه‌مانی خویان دا بووه ، اما معجزه‌ی حضرة محمد (ص) له پاش زه‌مانی خوی بعضیکیان ماونه‌ته‌وه وه کو قرآنی شریف که یکیکه له‌معجزاتی ئه‌و ذاته تا

قیامت به محفوظي ئەمینیتەوه .

س ٦٩ ـ دلیلی پینجەم چییه ؟

ج ـ دلیلی پینجەم ئەمەیە امتی پیغەمبەرانی سابق اغلب له زەمانی پیغەمبەرەکاندا یا له پاش زەمانی ئەوان اصولی دینه کەیان گورریوه وه اختلاف یان تیدا پەیدا کردوه . من جمله لەعیني زەمانی حضرتی موسی دا دوای ئەو هەمو معجزه و زەحمته که قبولی کرد بني اسرائیل له خوا پەرستیەوه رویان کرده گویرەکه پەرستی وه هەرچي بشارت بو نبوتی حضرتي عیسی و حضرتی محمد علیهما الصلواة و السلام له تورات دا بو گورری ـ یان وه اجماع یان کرد بو کوشتنی حضرتی عیسی تا خوا رفعي کرد بو آسمان، وه له پاش رفعی عیسی اتباعی ئەو جەند انجیل یان دروست کرد تا له آخردا لەسەر چوار انجیل اتفاق یان کرد وه ئەم چوار انجیلیشه مخالفی یەکن .

واما امتی حضرتی محمد (ص) وەکو له حالی حیاتی ئەودا قبولی زحمت و هجرت و نصرت وجهادیان کرد هەروەها قرآن و احادیثی مقدسەیان محافظه کرد وەله پاش وفاتی ئەو زور بەاخلاص جمعیان کردەوەو نوسیانەوەوه هەرچي نسخەی قرآنی شریف هەیە لەعالمدا هەمو وەکو یەکن وەابداً له زیاد و کەمی یك آیت دا بەلکو له یك جملەدا مخالفەیان نیه وەقرن بە قرن آثاری علمای امت تا امرو دەوامی کردوه .

س ٧٠ ـ خلفای حضرت (ص) چەندن ؟

ج ـ خلفای حضرت (ص) پینجن .

س ٧١ ـ خلیفەی اول ناوی چییه وەنسبي چونه ؟

ج ـ خلیفەی اول ناوی عبدالله یه ، کنیەی ابو بکره ، لقبی صدیقه باوکی ناوی عثمانه ، کنیەی ابو قحافه یه، بابای ناوي عامره . دایکی ناوي

سلمایە کچي صخری کو رری عامرە، نسبي لە گەل حضرت دا (ص) لەجدی شەشەمدا (مرە)ی ابن کعب ئەبی بە یەك .

س ۷۲ ــ خلیفەی اول چون بو بە خلیفەوە خلافت و عومری چەند بو ؟

ج ــ لە پاش وفاتی حضرت (ص) بە اجماعي صحابە ابو بکری صدیق بو بە خلیفە وە دو سال و سە مانگ بە عدالت و کفایتي خلافتی کرد ئەم جار متوفی بو وە عومری شەست و سە سال بو وە لە حجرەی سعادت دا لە پشتی حضرەتەوە دفن کرا .

س ۷۳ ــ خلیفەی اول لە مدەی خلافتیدا چی کرد ؟

ج ــ ئەم ذاتە رحمتی لی بي فرمانی زوری کرد :

اول لشکری (اسامە)ی کوړی زید کە حضرت (ص) لە حیاتی خوی دا حاضری کردبو بو (بحرین) ریکی خست وە رەوانەی کرد

دوهەم چونکە زور لە اعرابی بدوی مرتد بوبونەوەوە قسمي کیان منعي زکات یان ئەکرد لەشکری بردە سەریان و مجبوری اطاعەی کردن .

سەهەم لە شکری ناردە سەر مسیلمەی کذاب کەادعای نبوتي ئەکرد محوی کردوە .

چوارەم لە بەر ئەوە لەم حربەدا ئەو اصحابانە کەحافظی قرآن بون زوریان لی شهید کرابون خلیفەی اول بە اتفاقي اعیانی صحابە (زید)ی بن ثابتی حاضر کرد وەئەو صحابیانە قرآن یان لە حفظدا یا نوسی بویانەوە گردی کردنەوە وەبە کتابتي زیدقرآنی بە تواوی نوسیەوە لەمدەی خلافتی خوی دا لای خوی حفظي کرد لە پاش ئەو لەلای حضرتی عمر لەپاش ئەو لە لای سیدە (حفصە) حرمی حضرت (ص) مایەوە تا کەوتە زەمانی حضرتي عثما ـــ .

پێنجەم بە ریاسەتی خالدی کورری ولید لە شکرێکی رێك خست بو عراق . ئەوذاتەدو شاری فتح کرد : شاری حیرە ، شاری انبار . شەشەم لە شکری رێك خست بو فتحی شام وە امیری ئەم لەشکرە ابو عبیدەی کورری جراح بو . تائەم ذاتە گەیشتەشام وە بعضی جهادی کرد خلیفەی اول امری فەرمو بەخالدی کورری ولید لەعراقەوەهات بو شام وەبو بەامیری ئەو لە شکرەوەبەموافقەی ابو عبیدە دوشاریان فتح کرد : شاری (بصرە) وە شاری (دمشق) . بعضی لە مؤرخین ئەلین فتحی دمشق کەوتە روژی حضرتی عمر (رضی الله عنه) . والحاصل ئەم ذاتەبو محکم کردنی بناغەی خلافتی اسلامیە زور اهتمامی کرد . خواجزای بداتەوە بەخیرورحمت .

س ٧٤ـ خلیفە دوهەم ناوی چییە وەنسبي چونە ؟

ج ـ خلیفەی دوهەم ناوی عمرە ، لقبي فاروقە ، کنیەی ابو حفصە . باوکی ناوی خطابە باپیرەي ناوی نفیلە . دایکی ناوی حنتمەیە نسبي ئەم ذاتە لە گەل حضرت دا ئەبی بەیك لەجدی حەوتەمدا کە (لوئی) کورری غالبە .

س ٧٥ ـ ئەم ذاتە چون بو بە خلیفەومدەی خلافت وعومری چند بو ؟

ج ـ ئەم ذاتەبە امری خلیفەی اول بو بە خلیفە وە اجماعی صحابە لەسەری دامەزرا ، مدەی دە سال وسەمانگ خلافتی کرد ، عومری شەست وسە سال بو ، وەلە حجرەی سعادت دالە خواری خلیفەی اولەوە دفن کراوە ...

س ٧٦ ـ خلیفەی دوهەم لە مدەی خلافتی داچی کرد ؟

ج ـ ئەو ذاتە لە مدەی خلافتدا آثاری حسنەی ئەوندە زور بو عالەمی اسلامی ممنون کرد : فتحی عراقی تەواو کرد بەامیری عبیدەی کورری

مسعود مدائنی فتح کرد ، بەامیری سعدی کوری ابی وقاص مملکتی عجمی فتح کرد ، بەامیری چەند کەسی لە گەورانی صحابە شارەزوری فتح کرد ، بە امیری عتبەی کوری فرقد ارمنیە و قفقازی فتح کرد ، بەامیری سهیلی کوری عدی فتحی شامی تەواو کرد ، بە امیری ابو عبیدەی کوری جراح مملکتی مصری فتح کرد ، بەامیری عمرو بن عاص شارانی مملکتی اسلامی دامەزراند: قاضی لە محاکم دامقرر کرد ، دفتری بونوسین و واردات و مصارفی حکومتی اسلامیە ریك خست ، تأریخی هجری کرد بەمبدئی حساب. خولاصە فتوحات و آثاری حسنەی ئەم ذاتە لە عالمی اسلامیەدا ناریخیە ، خوالی راضی بی وەجزای بداتەوە لە جیاتی اسلام و مسلمین .

س ۷۷ ـ خلیفەی سەهم ناوی چییە وەنسبی چونە ؟

ج خلیفەی سەهم ناوی عثمانە ، باوکی ناوی عفانە ، باپیرەی ناوی ابو العاصە . دایکی ناوی اروی یە ، نسی لە گەل حضرت (ص) دا لە جدی سەهم دا کە ناوی عبد المنافە ئەبی بە یك .

س ۷۸ ـ خلیفەی سەهم چون بو بە خلیفە وە خلافت وعومری چەند بو ؟

ج ـ حضرتی عمر رضی الله عنه لە پیش وفاتی خویا امری خلافتی بە صورتی مشورت خستەبین شەش کەس لە کباری صحابە کە خویان یکیکیان تعیین بکەن ، علی و عثمان طلحە ، زبیر ، سعد بن ابی وقاص ، عبدالرحمن بن عوف ، ئەم ذاتانە لە پاش مشورت حضرتی عثمانیان اختیار کردوە اجماعی باقی اصحاب لەسەر خلافتی مقرر بو . حضرتی عثمان مدەی دوازدە سال الا دوازدە روژ خلافتی کرد . عومری هەشتا و دوسال بو ، لە مقبرەی (جنة البقیع) دفن کراوە .

س ٧٩ ـ خلیفەی سەهەم لە مدەی خلافتدا چی کرد ؟

ج ـ ئەم ذاتە لەایامی خلافتدا غزواتی زور بو چەند مملکت کە لە پاش وفاتی حضرتی عمر نقضی عهدیان کرد بو مجبوری اطاعەی اسلامی کردنەوە وەبە امیري حضرتی معاویە کە والی شام بوفتحی جزائری قبرص وجریدورودس ی کردوەعبداللەی کورری ابی سرحی ناردبو مملکتی افریقیە . عبداللە بە قوەی کفایت ورشادتی عبداللەی کورری زبیر فتحی افریقیای کرد،و بە امیری عبداللەی کورری عامرو چەند کەسی لەاشرافی صحابە فتحی مملکتی عجمي تەواو کرد ، وە بە اتفاق گەورانی صحابە چەند نسخەی لە قرآنيشریفی نوسیوەبەدنیادابلاوی کردنەوە. والحاصل لە عصری ئەم ذاتەدا مملکتی اسلامی وسعتی تەواوی پەیدا کرد خوای لیراضی بی .

س ٨٠ ـ خلیفەی چوارەم ناوی چییە وەنسبي چونە ؟

ج ـ خلیفەی چوارەم ناوی (علي)یە . کنیەی ابو الحسن وابو ترابە. باوکی ناوی (ابو طالبە) باپیرەی ناوی عبدالمطلبە،جدی اولی حضرت(ص). دایکی ناوی فاطمەیە کچی اسدی کورری هاشمە .

س ٨١ ـ خلیفەی چوارەم چون بو بە خلیفە وە خلافتو عومری چەندبو ؟

ج ـ لە پاش وفاتی حضرتی عثمان بیعتیان پی کرد وەمدەی چوار سالو نومانگ و هەشت روژ خلافتی کرد ، وە عومری شەست وسە سال ،بو مدفني لە شاری کوفەیە.

س ٨٢ ـ خلیفەی پینجەم ناو ونسبي چونە وە چەندە خلافتی کرد ؟

ج ـ خليفەی پێنجەم ناوی (حسن)ی کوڕی حضرتی علي بە. دایکی ناوی «فاطمەی زهرایە». لە پاش وفاتی حضرتی علي بیعتیان پێ کرد وشەش مانگ خلافتی کرد فقط . لە پاش ئەو مدەیە استعفای کرد لە رتبەی خلافت بو حضرتی معاویە وە خلافتی حضرتی معاویە دامەزرا .

س ٨٣ ـ ترتیبی فضل وشرف لە امتی پیغەمبەردا «ص» چونە ؟

ج ـ گەورەتری هەموو اُمت حضرتی ابو بکری صدیقە ، لە پاش ئەو حضرتی عمر ، ئنجار حضرت عثمان ئەم جار حضرت علي . لە پاش خلفای اربعە حضرتی حمزە وحضرتی عباس ، پاش ئەوان حضرتی حسن وحضرتی حسین ، لە پاش ئەمان شەش نەفەری باقي لە عشرەی مبشرە ، طلحە ، زبیر ، ابوعبیدەی کوڕی جراح ، عبدالرحمن کوڕی عوف ، سعیدی کوڕی زبیر ، سعدی کوڕی ابي وقاص . لە پاش ئەمان باقي أصحابی غزای بدر کە سیسەدوحە فدە کەسن . ئنجار اصحابی غزای احد کە حەوت سەد کەس بوون ئەم جار أصحابی بیعة الرضوان کە هەزار و چوار سەد کەس بوون . لە غیری ئەمانە ئەو فدە معلومە باقي اصحابی پیغەمبەر «ص» لە غیری اصحاب گەورەترن وە لە تابعین دا حضرتی اویس ي قرني وسعیدی کوڕی مسیب لە باقي گەورەترن . لە پاش ئەوان اماماني مجتهدین لە دنیاو من حیث المجموع اهلی هەرقرنی نزیك بي بە قرني حضرت «ص» لە اهلی قرني دوائی گەورەترن . وە اما فضل وشرفی خصوصي ئەوە حوالەی تقوی وعبادت ومنفعتی دینیە وافادە بە عالەمی اسلامیەیە .

س ٨٤ ـ ترتیبي شرف لە ژنانا چونە ؟

ج ـ گەورەتر لە هەمویان «فاطمەی» زهراء ، سیدە خدیجە ، سیدە

عایشه ، اجار باقی ازواجی حضرت «ص». بعضی له بینی او انیشا ترتیبي قرارداوه . له غیری ئەمانەدا شرفی خصوصی حوالەی تقوی و عبادته .

س ٨٥ ـ امامانی مجتهد له احکامی شریعت دا چەندن ؟

ج ـ امامانی مجتهد زورن فقط چواریان مذهب یان جمع کراوەتەوه وه تقلیدیان صحیحة ، امام ابو حنیفه ، امام مالك ، امام شافعی ، امام احمد خوایان لی راضی بی .

س ٨٦ ـ امامی شافعی ناوی چییه وەنسبي چونه ؟

ج ـ امامی شافعي ناوی محمده ، باوکی ناوی ادریسه ، باپیرەی ناوی عباسه ، له جدی سەهەم داکه عبدالمنافه ئەگات به حضرت «ص» .

س ٨٧ ـ امامانی اعتقادی اهل سنت وجماعت ناویان چییه ؟

ج ـ ئەو امامانەدوکەسن اولیان ناوی محمده ، کنیەی ابو منصوره ، مشهوره به ماتریدی ، دوومیان ناوی علي یه ، کنیەی ابو الحسنه ، مشهوره به اشعری .

س ٨٨ ـ انساني ولی ئەبي چون بی ؟

ج ـ ولی انسانیکه به قدر واجب معرفتي بی بەذات وصفاتی خوا ، حریص نەبي له سەر آرزوی دنیائي ، وه اغلبی اوقاتی صرف بکاله طاعت وعبادتا وه ذاتا اتباعي شریعتی بی ، عمدەی نشانەي ولی ئەمەیه لەرفاقتیان بو اهلی انصاف محبتی اتباعی شریعت پیدا بی .

س ٨٩ ـ کراماتي اولیا چییه ؟

ج ـ کراماتی اولیا حقه وثابته . کرامت کاریکه بە خلافی عادت خوا ظاهری ئەکابو اولیاء بو اطمنانی قلبی ئەوانه کەطالبي مجاوره وتزکیەی

نفسن یا بو کەسانی کی تروە کو اظهاری خطرات وطی مسافەی زور لەمدەی کەمدا ، وەوە کو اغاثەی اهلی مصیبت وە نورانی کردنی قلبی اهلی غفلت ، ئەمانە لە حضراتی اولیاوە درك کراوون .

س ۹۰ ـ طریقەی اولیا چییە ؟

ج ـ طریقەی اولیا عبارتە لە جورە آداب وعبادتی لە سەر ئەو منهجە تعلیمی طالبانی دین ئەکەن وە ئەم آدابە سەراسەر موافقی آدابی شریعتە بعضی لە اشرافی اولیا وەکو حضرتی عبدالقادری گیلانی وشاهی نقشبند قدس سرهما فەرمویانە هەر طریقتی مخالفی آدابی شریعت بی ئەوە بطالە ، بطالە ، بطالە . بناء علیه هەر کەسیکتان چاوپی کەوت ادعای ولایتی کرد وە حالی خوی مخالفی آدابی شریعت بو ئەو کەسە لە اهلی فسق و بدعتە وە عاقبتی خویو واتباعی شرو گومراهی وضلالتە ، چونکە شریعت قانونیکە خوائی بە سەر هەمو مکلفیكدا جاریە .

س ۹۱ ـ حکمی دامەزرانی امام بو اسلام چییە ؟

ج ـ واجبە لە سەر ملتی اسلام لە هەمو زەمانیكدا بیعت بکەن بە امامی بو عمومی مسلمانان . وە شرطی امام ئەمەیە پیاویکی آزاو مسلمان . عاقل وعالم ووارع وصاحب شجاعت و کفایت بی ، وە نسبی لە قریش بی ، ئەگەر امامی وەهاری نەکەوت بیعت نکەن بە کەسیکی تر چونکە امام بو اسلام لە مهماتە .

س ۹۲ ـ حالی مسلمان لە گەل مسلمان ئەبی چون بی ؟

ج ـ واجبە انسان لە گەل هەمو بشری بخصوص لە گەل هەمو مسلمانی اخلاق ومعاملەی باش بی ، دلی دەرحق بە مسلمانان ساف بی ، وە لە پشتی

هەمو مسلمانیکەوە نویژ بکا وە هیچ کەس لە اهلی قبلە بە کافر نەزانی تا کفری لیدەرنە کەوی وە لعنت نەکالە هیچ مسلمانی بەلکو لعنت نەکا لە کافریش بەخصوصی تا معلومی نەبی ئەو کەسە بەکافری مردوە یا مری، چونکە بو هەمو بشری دعا وطلبی رحمت مناسبە .

٥ - «وباليوم الآخر»

س ٩٣ - ایمان بە روژی آخرت چونە ؟

ج - ایمان بەروژی آخرت ئەمەیە تصدیق وە باوەررت بی هەروەکو خوا اساساً ئەم عالمەی دروست کردوە وە ئەم روح لەبەرانەی ایجاد کردوە لەمەولایش ئەم دنیایە تیك ئەدا وە هەرچی زیندون ئەیان مرینی وە عالەمی کی تر کە ناوی قیامت وآخرتە ظاهر ئەکا .ئەم جارە هەرچە مردون زیندویان ئەکاتەوە وە سوقیان ئەکا بو محشر .

س ٩٤ - علامت ونشانەی روژی قیامت چیيە ؟

ج - نشانەی روژی قیامت زورن فقط نشانەی گەورەیان یازدە نشانەیە ، سە نشانە لە وانە خسفە ، یانی زەوی روچون ،خسفی لەمشرق ، خسفی لە مغرب ، خسفی لە جزیرة العرب .چوارەم پەیدابونی «دجال» کە انسانیکە یەك چاو سحر باز ئەگەرریت بە دنیادا وە دعوای خوائی ئەکا . پینجەم ظهوری مهدی کە انسانیکە لە اولادی حضرتی «علي» لەزەمانی پەیدابونی دجالدا پەیدا ئەبی وە مسلمانان بیعتی پی ئەکەن . لەمکەی مکرمەدا دنیا پر ئەکالە عدالت واحسان ، شەشەم نزولی حضرتي(عيسى) لە آسمان بوخاکی شام . حەوتەم غلبەی یأجوج ومأجوجە بەسەر دنیادا. هەشتەم طلوعی روژە لە مغربەوە . نوهم دەرهاتنی دابة الارضە لەخاکی

مکه . دەهەم پەیدا بونی دو کەلیکی بەدەهشەتەلە آسمانەوە کە صفحاتی دنیا ئەگریتەوە . یازدەهەم پەیدا بونی آگریکە لە خاکی یمن کەاهلی دنیا نارەحت ئەکا .

س ٩٥ ـ دوای ئەم علامتانە چی ئەبی ؟

ج ـ دوای ئەم علامتانە حضرتی «اسرافیل» دودفعەفو ئەکا بەصورا. بە دفعەی اول هەرچی زیندوە ئەمرن وە کیوانی دنیاش نامینن . بە دفعە دوهم کە چل سال لەپاش نفخەی ئەولەهەرچی مردوهەیە زیندو ئەبنەوە وەسوق ئەکرین بو محشر .

س ٩٦ ـ لەپاش گردبونەوە لە محشردا چە معاملەی ئەکری لەگەل مخلوقاتدا ؟

ج ـ لە پاش گردبونەوە لە محشردا دفتری اعمالیان پی ئەدری ، بو اهلی سعادت لەلای راستەوە،بو اهلی شقاوت لە پشتەوە یالەلای چەپەوە. لە پاش ئەمە وەختی میزانە ؛ کیشانەی اعمال .

میزان بەم نوعەیە چاکە ئەکریت بە مادەییکی نورانیوروشن وە خراپەئەکریت بەمادەییکی ظلمانیوتاریك و کیشانە ئەکرین باش کیشانەی اعمال وەختی حساب وسؤالە لە عباد .

خوا سؤال ئەکالە پیغەمبەران علیهم الصلوة والسلام . لە گەیاندنی احکامی شریعت سؤال ئەکالەعلمای امت. لە گەیاندنی شریعت پیغەمبەران سؤال ئەکالە اهلی بدعت . لەسەر دامەزراندنی بدعتوفساد سؤال ئەکا لە باقی عباد لە عملی خراپەیان. لە پاش ئەمانە وەختی عبورە بەسەرپری صراطدا .

پردی صراط پردیکه راکیشراوه بەسەر جهنمدالەمو ، باریكترەوه له ئەلماس تیژتره . خوا بو عذابی اهلی شقاوتوای دروست کرده، چون اهلی سعادت بەخوشی بەسەریارائه بورن وەهەر کەس تاچا کەی زورتربی باش‌تر بە سەریا عبور ئەکا وه اهلی شقاوت لی ئەخلیسکین وه ئەکەونە خوارەوه بو جهنم . ئینجا هەر کەسی کافربی (العیاذبالله) بە ابدی له جهنمدا ئەمینیتەوه وهەر کەسی ایمانی بی بەئەندازەی گوناهه کەی عذاب ئەدریت له پاشا دیته دەرەوه بو بەهەشت . وەاهلی بەهەشت بەر لەوه برونە بەهەشتەوه لەسەر «حوض المورود» گرد ئەبنەوه .

حوض المورود وا له خارجی بەهەشتا وەله حوضی کوثرەوه آوی بودی آوی له شیرسپی‌تر وەلەهەنگوین‌شیرین‌تره. هەر کەسی دفعەی آوی لی بخواتەوه هەرگیز تینوی نابی ،له پاش ئەوه کەله سەر ئەو حوضە گرد - بونەوه ئەرون بو بەهەشت .

س ۹۷ ـ بەهەشت وجهنم ایستەموجودن یانه وەموقع‌یان له کوییه ؟

ج ـ موافقی ظاهری آیت ایسته موجودن بەهەشت واله ژوری اسمانەوه وه جهنم واله زەوی دا . فقط چونکه نصیکی صریح بو تعیینی جیگەیان نیه حق وایه حوالەی بکەین‌بە علمی خوا .

س ۹۸ ـ آیا له قیامتا شفاعت هەیه ؟

ج ـ بەلی له قیامتا انبیا و علما وشهداوباقی‌صالحان شفاعت‌ئەکەن . شفاعت له قیامتا له پینج موقع دایه ، اول‌بو نجات بونی عباد لەخوف و زلزلەی‌محشر ، دوهم زوهاتن‌یان بوحساب،سەهم بو آسانی سؤال‌وجواب لەوەختی حسابا، چوارەم بو نجات دانی‌اهلی گوناه له عذابی‌جهنم، پینجەم بو ترفیعی رتبه و مقام له بەهەشتا .

٦ ـ (وبالقدر خيره وشره) .

س ٩٩ ـ ایمان بەقضا و قدر چونه ؟

ج ـ ایمان به قضا و قدر ئەمەیە باوەررت بێ هەرچی لە عالەمایەیدا ئەبێ خوا لەازلدا زانیویەتی وە ارادەی کردوە وە لە وەختی پەیدابونیا بە قدرتی خوا پەیدائەبێ وەلەگەل ئەمەدالە کاروفرمانی اختیاری داوە کو دانیشتن وروبشتن وامثالی ئەمانە عبد اختیار و کسبی هەیەوە تأثیری خوا تابعی اختیاری عبدە ، یعنی عبد چون اختیاری بێ خوا وای دروست ئەکا وەخوای تعالی راضیە بە کسبی خیر ، ناراضیە بە شروە لازمە بزانین خوای تعالی ئەتوانی هەموتکلیفی لەعبادبکاوەهەرتکلیفیکیان لی بکابە محضی اختیارە وەبە هەر نوعی میلی بێ ئەتوانی تصرف بکا لە عالەماوە واجب نیە هەرچی مصلحتی مخلوق بێ ئەوە بکا فقط هەمو فرمانیکیشی حکمت ومصلحتی تیاهەیە .

ئەمە کە نوسیمان عقیدەی اهلی سنت وجماعتە موافقی عقیدە ومذهبی اصحابی پیغەمبەرە(ص) سبحان ربك رب العزة عما یصفون وسلام علی المرسلین والحمد لله رب العالمین الحمد لله .

تەواوبو تحریری ئەم سؤال وجوابانە کەزورنافعە بوملت ومندالانی مسلمانان لە روژی یکشنبەی دوی شوال. تاریخی هەزاروسیسەدوبە نجاو چواری هجری لە خانقای مبارکەی بیارە خوا محفوظی بکالە آفات وە منوری بکابە برکات. سبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لاإله الا انت استغفرك واتوب الیك وأنا الداعی « محمد کریم » .

* * *